# ماستەر و دکتۆرانامەکانی بواری ئەدەبی کوردی لە تیلەچاوەکی خوێندا-2-.. هەمەت بایز

**(نموونەی بواری زانستە مرۆییەکان بگشتی)**
**بەشی دووەم**

هەڵپەی تەواوکردنی ماستەر و دکتۆرا لە دیوی دیکەی دەپەخشبوون و سەرمایەی مرۆیی، لە چوارچێوە بنگرتووەی ئێستادا جێی پرسیارە، بەتایبەتی هەموو هەوڵەکان بەئاقاری گرتنەبەری کورتترین ڕێگا و ئاسانترین ڕێگای دەستبەرکردنی بڕوانامەن، بێیە هیچ دڵاتێکی دیکەی پشتی خوێندن نابنە ئامانج، واتە زۆربەسادەیی ئامانجێکە نابێتە پەژۆیەکی خولیایی و ئایدیەکی مەعریفی و گەڕانکاری. زەمینەسازیی وەرگرتنی بڕوانامە لە هەلومەرجی ئێستادا پێکردنەوەی پێویستییەکی ماددی و وەرگرتنی پلەوپایەی ئیداری و پێیداکردنی ستاتێکی دیکەی ناو کایەی کۆمەڵایەتیی و سیاسی و ئابووری و کارگێییە، بێیە خولیای بڕوانامە زیاتر دەبەستڕتەوە بە دەخڵەخساوییەکەی، وەک خوێندنی پاڵاڵل و بەبازکردنی بڕوانامە و کبڕکێی زانکۆ تایبەتەکان، بەتایبەتی لەم دواییانەدا لەباربوونی باری دارایی خێزان و بەخشنەوەی بڕوانامە لە زۆربەی پسڕییەکاندا لە هەندێک زانکۆی دیاریکراودا لە وڵاتانی دەرووبەردا وەک دەرفەتی قازانجخوازی و بازرگانی وەک بەشێک لە کۆنیالیزمی وەخۆگر و بێ ئامانج، هەموو کار ئاسانییەک دوور لە هەموو پێوەرە چۆنایەتییەکان لە دڕاوە بە فڕۆزانی بیانی دەکرێن، دوای هەستکردن بە ڕێگری لەو مەترسییە و دەرفەتی زیاتر بە قوتابییان بەشێک لە دابەزاندنی نمرەی شایستە و زیادکردنی ڕێژەی وەرگرتن بە زەر کارئاسانییەوە خوێندنی باڵای کوردستان دەبێتە شوێنگرەوەی ئەو تێگەیشتنەی بە لەژیکتر لە خوێندن لەو وڵاتانی دەرووبەردا دانرا، بەڵام ئەمشیان دیسان بووە کشەیەکی دیکە و لە ئێستادا زەر جێی پرسیارە و لەکەوتە نەرێنییەکانی وردە وردە زیاتر دەبن.
ئامانجی خوێندن بەو تێگەیشتنە لە تەوەرەی فڕۆزادا ڕوون و بڕچاوە، لەناو ئامانجە مەبەستدار و دیاریکراوەکەیدا ئیدی ئەو ڕەنجکێشانە نایەستێتەوە بە ئایدیە مەعریفییەکان و خڕیکردن بە خوێندنەوەیەک کە بتوانێت خوێندنی ماستەر و دکتۆرا بە هەڵەک بزانێت سەرلەبەری تێگەیشتنەکانی پەرەپێدات و ئاستێکی دیکەی

مەعریفی تێبینیت، ببێتە بەشێک لە کایەکانی پەرەپێدان و پێکردنەوەی ئەو پەویستییانەی کە پسپۆریەکان بە پێی واقیعی کۆمەڵایەتی دیخوازێت. بە ئەمەش پاساو نییە قوتابی هەموو چاوەڕوانییەکان لە زەمینەسازیی ئاستی پڕۆگرام و مامۆستایاندا بدی بکات، لەو لێکۆڵینەوانە بەبەری بێت. هەروەک چۆن ئاستجیاوازی پشتری قوتابییان لە پێش خوێندنی باڵا و لەناو پرۆسەی خوێندنی باڵا زیاتر وەستاوەتە سەرخۆی، تەنانەت ئەوانەی وەک یەکەمینەکانیش نەبوون، ئاستی پسۆری مەعریفییەکیان زۆرجار بەرزتربووە، ئەم تێگەیشتنە تەنها پەیوەندی بە زەمینەسازی ناو زانکۆ و بارهێنان نییە، بەڵکوو ئەو زەمینەسازییە بەشێکە لە ئاگایی کۆمەڵی و کەلتووری و ئامادەیی پێش وەختە.
خوێندکاری زانکۆ دوای وەرگیران لە خوێندنی باڵا، قورسترین چاوەڕوانی لای ئەو ڕاگوزەری کاتە. زۆر بەسادەیی پابەندییەکی چۆی کاتێکی هەیە، واتە بەهۆی ئەو زەمینەسازییەی وەرگیران لە خوێندنی باڵا، بەئاستێکی زۆر کەم لە تەدابوون و ئامادەیی مەعریفی لەناو کۆرسەکانی خوێندن، زۆر بە پەلەپەل و خۆئامادەکردنێکی نائاسایانە و پەماندووبوون و دڕدۆنگی هەوڵی تێپەڕینی ماوەی خوێندنەکەی دەدات، تا دەگاتە پرۆسەی نووسین، لەسەروبەندشدا سیاقی وانەوتنەوە و ئاستی مامۆستایانیش، هاودەنگییەکی لەگەڵ ئەو زەمینەسازییەدا هەیە، ئەمەش کارئاسانی و تێپەڕاندن و هاوئاستکردنی کۆرسەکە دەرفەتی تێپەڕاندنەکە زیاتر دەکەن، وەک ڕاستی هەلومەرجەکەش کەمجار بەربەستی کەوتن و نەبینی ئەو قۆناغەش پێوە دەکرێت.
ئیتر کێشەکان لەڕووە دەست پێدەکەن، قوتابییەک کێشەی ڕاهانێتنی خوێندنەوەی هەیە، یەکەمجارە دوای چەند ساڵێک لە دابڕان، دەنگە هاوکاتی خوێندنەوەکەی دەستی بە کردەی خوێندنەوە بردبێت، وەک بەشایەکی مەعریفی و ئاستلاواز واقیعی خۆی دەبینێت، هەروەها ئەوەش دەزانێت بەدیوێک ئامانجی وەرگرتنی بەوانامەیە و لەخۆادیتنەکەشی بای ئەوەی تەدا نییە بتوانێت پشت بەخۆی ببەستێت و دیدگایەکی مەعریفی تایبەتی هەبێت بۆڕووە نووسین و تۆزێکی پەوستی کەمدەگا بیبات و ئەزموونێکی نووسین و بابەتێکی تیۆری گرنگ تاقی بکاتەوە، یان خوێندنەوەیەک بخاتە سەر کەی ئەو تێگەیشتنانەی دیکە یان هەڵگانەوەیەکی دیکە پشکنێش بکات.
لە قۆناغی دوای کەسات بەخۆدانەدەست مامۆستایەک دەست دەکات بە دەستنیشانکردنی ناونیشانێک، پرسیارە زۆر سادەکانی وەک بابەتێکی ئاسان و سەرچاوەی زۆر لە چوارچێوەی زمانی دایک گەورەترین کێشەیەتی، هەندێک ئاگایی لە نووسینەکانی پێشتر هەیە خودی پاشخانی

پێشتر کە ھەنگاو درێژکراوە بێت، زەرجار جێی پرسیارن و تەنانەت بەپێی کات و سەردەم جێی پشت پێبەستنی ئەوتەش نین، کارەکی پێشتری دووبارە دەکاتەوە یان لەسەر پلانی پێشتر جێرەکی ئەدەبی تاقی دەکاتەوە، لەناو ئەو پەلەپرۆزەی تەواوکردن لە غیابی میتەدەلۆژی ون بوونی ئاستی پێویستی مەعریفی و پسپۆرییەکەی، ھەروەھا نەشارەزایی زمان و زمانی نووسین تووشی سەدان بەربەست و کێشە و سەرێشە دەبێت. کەی ئەو کایانەش دواجار بە نووسینەکی نەزەک و زەر کاوکرچ تەپڵەت (لە بێشکانی داھاتوودا بە ھەر یەکەک لەو ھەندانە وردەکانی دەخێنەوو) بە ھەی ئامانجە بەرایییەکەی ھەنگاو فەرخوازیش ئەو پرسیار و تێگەیشتانەی بە گرنگ نەبێت، کە وەک بەرپرسیارییەکی ئیتیکی و مەعریفی و زانستییەوە نێتوانیووە مشتەک لە خەرمانی زانستی و پسپۆرییەکەی وەک پێویست پێشکەش بکات.

سیاقەکی دیکەی ئەو تێگەیشتنە تەوەرەی مامۆستایە، کە تەوەرێکی ئاماژ و فرەتێگەیشتنە بەوەی مامۆستایانی زانکۆش بێشکن لە دەخی باسکراو. ھەنگاو ھەمان دەخی ڕاگوزەریش وەک فەرخوازان ئەوانیش بگرێتەوە، لەلایەکی دیکەش مامۆستایان لەناو پەلەنەکی دیکەدا بکەونە ژێر ئەو پەلەنە بارھاتووەی پێویستە بە میراتی کەلتووری و تێگەیشتنی میراتی دەستی دەستی پێشتری ناو زانکۆوە، ئەم تێگەیشتنە سنووری نەوان قوتابی و مامۆستا یەک دەخاتەوە، بەگاو بە پێچەوانەی ئەمە بێشەک لە مامۆستایانی زانکۆ کاتەک دەبنە سەرمێشقی قوتابییەکانیان دوو ویست ئامادەیی ھەیە ویستی ئاستبەرزی مامۆستاکە خەی بێشکە لە داینەمۆی کاریگەری و بارھێنانی قوتابییان بەپێچەوانەی ھەوتی عەوامەکییە، ھەندجاریش میراتەکەشی گوزاروەیە، بێشکی دیکە بەھەی ویستی بەردەوامی خەونی قوتابییەکە خەیەتی، بەیە کاتەک دەبێتەوە بە مامۆستا لەو تێگەیشتنەوە جارەکی دیکە ئەو میراتە درێژە پێدەدات، کە خەی لەناودا دەبینێتەوە.

ئەوەی زیاتر پێویستە بەرپرسیارییەتی مامۆستا ئەستا لە زانکۆکانی کوردستان نەخوێندنەوە و خۆئابەدیت نەکردنەوە ھەستپێکراوە و ئامانجی بزکردنەوەی پلەی زانستی زیاتر دنەی دەدات، بێشکییان ھەنگاو بەھەی فەزای بە بەھابوون و دەخی نائومێدکردنی خوێندن و ئەرزشکەی بێت، ئاستی ئەو تێگەیشتنە کەم تازەر وەک ھەر کایەی دیکەی ناوخە و جیھانیش ئامادەیە، لە لایەکی دیکەش زانکۆ ئەستا وەک پیشەیەکی وەزیفی ماددی دامەدراو لە بەھاکانی دیکە سەیر دەکرێت، واتە لەپاڵ مافە دارایییەکان ئەرکە ئیتیکی و مەعریفی و زاستییەکان وەک ئەرزش لاوازە، لە لایەکی دیکەشەوە زانکۆ وەک مامۆڵەی پرسکی نیشتمانی و مرۆیی لەچوارچێوەی دامەزراوەیەکی ئایدیەلۆژیی شاراوەوە ڕەھی نیشتمانی و مرۆیی

بەهەکاری جەراوجەر لاوازکردووە. ئەم تێگەیشتە خەڵکی ناستەقینەی مامۆستا و بوون بە مامۆستای لاوازکردووە، میاکانیزمەکانی ئەرک و مافەکانی مامۆستا تەراتێن دەکات و زەر لەکوتەی جەراوجەر دەنێتەوە کایەوە.
بەشێکی بەرچاو لە مامۆستایان سەرگەرمی کاری بازرگانین و یان وەک دەرفەت لە خزمەتی بەوانامەوە خەریکی دەستبەرکردنی پێگە و پلەوپۆستی ناوە و دەرەوەی زانکۆن، ئەرکە وەزیفییە ناستەقینەکە پلەی دووەم وەردەگرێت، هەموو ئەو تێگەیشتنانە دەبنە بەشێک لەو هاوکێشە خنەییەکە، بەیە مامۆستاش هاوکاتی تێگەیشتنی قوتابی ئەرکەکی تێپاندنی ناونیشان و ناییکردنی دەکەوێتەسەر، تا پەویستی ئەوە نکات لەگەڵ قوتابییەکە پرس و بابەتێکی تاقی نکراو بخوێنێتەوە، لەگەڵ خەوتی خەژگارەکە لە دکات و ئاسانترین ڕێگا بە تەواوکردنی پرسەکە دەگرنەبەر، بەیە زەرجار مامۆستایان و قوتابییان لە بەرکردنی پرسەی نووسنی ماستەر و دکتەرا لەکۆشاون. بەو هەکارانەوە ئەو شێوازە مەعریفییە وەک پەپلیستی زانکۆیی و مەعریفی خەی فەرز دکات، واقیع چی دخوازێت ئەوە دەبێتە ئامانج. پرسەی مەعریفی و زانستی پرسەیەکی درێژمەوداید، مامۆستا لەناو ئەو پرسەیەدا دەبێت بە بزاوت بێت، ئاگاداری هەموو پێوەندییە گوزاراوە و ناگوازەر و پشهاتکان بێت، زەرجار مامۆستا چەقبەستووە لەناو حەزەکی خەی یان بوارەکی دیاریکراو بەرتەسکی خەی، لە کاتەکدا زانستە مرۆییەکان شتەکی دیکەمان لەدخوازن، ناکرێت پسەری بوارەک خەی لە بوارەکانی دیکە یان بەشە زانستییەکانی دیکە بگشتی دابڕێت، لە میتا پسپرییەکاندا ئەو توانستانە بەدی دێن، ئەوە دخوازێت هاوکاتی زانستەکانی دیکە پەویستییەکی یەکانگیر وەک پێوەندی لەگەڵ ئەویدیکەدا درێژە پێبدات، مامۆستایان قوتابی چوارچێوەی بە پسپرییەکەی خەی داناوە یان وای لە تێگەیستووە، بەیە ناتوانێت ئەو تیرییانەی کە فرەپسپرییی و نەوانپسپرین و لە بوارەکەی خەیدا سەدمەند بێت و جبەجێ بکات.
فەزای زانستی و زانکۆیی لە ئاستبەرزی و ئاستنزمیدا بەندە بە درێژکراوەی ئەو کەلتوورە پشنییەی جوگرافیای مەعریفی و کەلتووری کە لە ناوچەکەدا میراتە و باڵادەستە. ئەو فەلسەفە و پەروەردەکردنەی لەپش قناغی زانکۆدا و سیاستی کارگێیی دەوڵەت هەیەتی بەشێکە لە ئایدیەلژیا و هەژموونی گوزراوە، هەمان ئەو سیستەمە بیرکردنەوەیە ناییکردنە دەبێتە بەشێک لە کایە و گوتاری لە خەی خوارتر. سیاستی بش و لێژنەی زانستی لە ناو ئەو هەلومەرجەدا گشە دکات و ئاستەی خەی وەردەگرێت، بەیە توانای

گۆانکاری نییە. بەشکیان بەهەی پێکهاتەی دەستەی لێژنەکە و بەشکیان ئەو پچانەی نێوان تەواوی بەشە زانستییەکان و ناسربەخۆییان ڕوونیان لە ئاستکردن و نەبوونی هیچ بەدواداچوون و وڵانانی ئەزموونی تاقیکراوی ناپەسەنددا هەیە. ئەو پاردایمەی زمانێک لە جوگرافیای پێکهاتەی کەلێژ و بەشدا هەیە یەک ئاقاری بیرکردنەوە بەرهەم دەهێنێت، هەموو ئەوانە پێوەندی و هاوتای ئەو پرسن. زۆر هەکاری دیکەش هەن و بەشکن لە بەرهەمی کاوکرچی ناو نامەکانی ماستەر و دکتۆرا و تەوژینەوەی زانکۆیی بگشتی، بتایبەتی دەنگی جیاواز و بەرشت یان مەیلی ئەزموونکی تازەی دەرەوەی ئەو فەرمە باوە، ناتوانێت بەرهەستی واقیعی فەرمگرتووی کەکبووی پێشتر بکات. دەنگە نەشاز و فرمگرتووە بە ئەبدیتکان لە باری ڕێژەیی و دەساتاوە لەسەرەوەن یان ئەزموونکی بەرهەمهاتووی درێژکراوەی پێشترە و هەر ئەوەندەی لەبارە، کە هەیە.

**هەمەت بایز**
مامستا لە بەشی کوردی/ فاکەلتیی ئاداب/ زانکۆی سەران

---

# (یەمەند ئارەن) لە نێوان قەزاوەنی شێکان و مەحابووی ئاشتی لە نێوان دەوڵەتاندا.. وەرگێڕانی عەرەبیەوە ( یاسین لەتیف )

**د . زهير الخويلدي**

**پێشکی**
"دەنگە گەورەترین فەزیلەتی سەدەی ئەمە ئەوە بێت کە ڕووبەڕووی نامرۆڤایەتی ببینەوە بەبێ ئەوەی باوەڕ بە مرۆڤکان لەدەست بدەین."
یەمەند ئارەن (١٩٠٥-١٩٨٣) بە یەکێک لە ناڕوونترین بیرمەندانی

فەرەنسی لە سەدەی بیستەم دادەنرێت. بە بڵاوبوونەوەی فیکریی قووڵکانی لە کۆمەڵناسی و فەلسەفەی سیاسی و پەیوەندیی نێودەوڵەتییەکان جیا دەکرێتەوە . جەوازی کارەکانی ئارەن بە هەوەی تێگەیشتن لە دینامیکی کۆمەڵایەتی و سیاسی کۆمەڵگا پێشسازیی مەدرەنەکان دەناسرێتەوە، لەگەڵ جەختکردنەوەی لەسەر ململانێی نێوان سیستەمە سیاسیەکان وەک بزوێنەرێکی بنەڕەتی مێژوو . ئەوەش لە بری ململانێی چینایەتی کە فەلسەفەی مارکسیزم تەرکیزی دەخستە سەری . هەروەها ئارەن لە نووسینەکانیدا باسی لە پرسەکانی هەشیاری مێژوویی کردووە، هەوەی هەڵوەشاندنەوەی ئەو وەهمانەی پشکۆتنی داوە کە لە سەردەمی ئەودا زاڵ بووون و بە تووندی ڕەخنەی لە ئایدەاڵۆژیە تۆتالیتاریەکانی وەک نازیزم و ستالینیزم گردووە . ئەو ئایدەاڵۆژیانەی بەو شێوەیە دەبینی جیهانیان خستەتە ناو شەڕ وەرانکارەکانەوە. هاو کات ئارەن ئەو پرسیارەی وروژاند لەبارەی ئەگەری گەیشتن بە ئاشتییەکی بەردەوام لە نێوان وڵاتان ، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە کێبەکێی سیاسی و ئایدیاڵۆژی ئەم ئامانجە نیمچە مەحاڵە . ئامانجی ئەم نووسینە ئاشکرا کردنی بیرکەکانی ئارەنە سەبارەت بە قەناغەکانی بیری کۆمەڵایەتی و ڕەهەندەکانی هەشیاری مێژوویی و هەڵوەستی خۆی بەرامبەر شڕەکان و مەحاڵبوونی ئاشتی ، لەسەر بنەمای گرنگترین بەرهەمەکانی و تیشک خستنە سەر بڵاوبوونەوە فیکرییەکانی .
ڕ(قەناغەکانی بیری کۆمەڵایەتی لای ێمەند ئارەن)ەلانی کەم ناکرێت هیچ عەقیدەیەکی ئەخلاقی و ئایینی لە ناوەڕۆکی بیرکەکانیدا قبوڵ بکرێت ، ئەگەر لە بەرامبەر ڕەخنەی زانستیدا نەوەستێتەوە . ێمەند ئارەن لە پەرتوکی (قەناغەکانی بیری کۆمەڵناسی)دا، تیشکی خستە سەر شونپەهەڵگرتنی گەشەسەندنی بیری کۆمەڵایەتی لە مەنتسکیەوە تا ماکس ڤێبەر، بەناو کارل مارکس و ئەلەکسیس دی تۆکڤیلدا تێپەڕی . ئارەن پێی وایە کۆمەڵناسی هەوڵدەدات بە شێوەیەکی هەمەلایەنە لە واقیعی کۆمەڵایەتی تێبگات، بەبێ ئەوەی هیچ لایەنێک لە لایەنەکانی ئابووری، سیاسی، یان ئایینی پشتگوێ بخات . لەم چوارچێوەیدا ئارەن جەخت لەوە دەکاتەوە کە بزووتنەوەی کۆمەڵگاکان تەنیا لە ململانێی چینایەتیدا قەدیس نابێت وەکو ئەوەی کارل مارکس بانگەشەی بۆ کردووە، بەڵکو ململانێی نێوان سیستەمە سیاسیەکان زیاتر بە دیهێنری هێزی بوزوێنەرو کارگەرن . ئارەن لە پەرتوکی هەژدە وانە لە کۆمەڵگەی پیشەسازیدا باسی لە لایەنە ئابوورییەکانی کۆمەڵگە پیشەسازییەکان کردووە. بەڵام لە ململانێی چینایەتیدا تەرکیز دەخاتە سەر لایەنە کۆمەڵایەتیەکان ، لە دیمەکراسی و پاوەنخوازیدا تیشک دەخاتە سەر لایەنی سیاسی . ئەم سەگشێیە ڕەنگدانەوەی میتەدی

ئـــارەزو بـە لـەکـــەیـنـەوەی تـەواوی کـەمـــگـــا بـگشتـــی . وەک چـەن ناتوانرێت هیچ دیاردەیەکی کـەمـایـەتی تـبگـەین بـبـە لـبـەرچاوگرتنی کارلـەکـانی نـەوان ڕەهـەندە جیاوازەکان.هـەروەها ئارەزو لـە ژێر کـــاریگـەری مـــاکس ڤـبـەردا بـــووە، بـتـــایـبـەتی لـە چـەمکـــی "جـەرە ئایدیاڵـەکان"دا، کـە بـەکاری دەهـێنا بـە شیکردنـەوەی مـژوو و کـەمـــگا لـە دەرەوەی لـەکدانـەوە ڕەقـەکانی پـزێـتیڤیستی. ئارەزو لـە ڕەبازی خـەیدا بـە هزری کـەمـایـەتی، داوای داماڵـینی ئایدیاڵـژی لـە زانست کردووە ، بـەو پـێیـەی ئایدیاڵـژیاکانی وەکو مارکسیزم تـگـەیشتنی دەخی کـەمـایـەتیان شـواندووە لـە ڕەی سـپاندنی لـەکـەیـنـەوەی پـشوەختـەوە . ئـەم هـەوڵـستـە وای لـەکـرد کـە ڕەخنـە لـەو ڕەشنـبـیرانـە بگرێـت کـە مارکسیزمیان وەک "تـلیاک" وەرگرتووە ، کـە نـابـینـایانی کردووە لـە بـینـینی ڕاستیـەکان، وەک لـە پـارتوکـە بـناوبانگـکـەیدا لـساڵـی ۱۹۵۵ بـاوی کردەوە بـە ناوی "تـلیاکی ڕەشنـبـیران" .

**ڕ ڕەهـەندەکانی هـشیاریی مـژووییەڕ**

ڕ" مرۆڤ مـژوو دروست دەکات، بـەڵام ئـەو مـژووە نازانـێت کـە دروستی دەکات".

ئـــارەزو لـە ڕوانگـەی ڕەخنـەیـیـەوە هـشیـــاری مـژووییـــی وەردەگرێـت ، بـیرەکـەی پـشکـەوتـنی هـەڵـی ڕەتکردەوە کـە لـە ماوەی سـەدەی هـژدە و نـزدە زاڵ بـوو بـە سـەر بـیری ئـەوروپـادا . ئارەزو لـە کتـبـەکـەیدا، ڕزگاربـوون لـە وەهمی پـشکـەوتن، باس لـەوە دەکات کـە باوەڕبـوون بـە پـشکـەوتـنی بـەردەوام و ئـەتـەماتیکی وەهمی مرۆڤ ، بـتـایـبـەتی لـەبـەر ڕەشنایی کارەساتـەکانی سـەدەی بیستـەم، وەک نازیزم و ستالـینیزم. ئارەزو جـەخت لـەوە دەکاتـەوە کـە ئـەم ڕژەمـە تـتالـیتاریانـە نیشانیان داوە کـە سـەرکردەیـەکی دیماگـۆژیک دەتوانـێت بـە درۆ و دروشمی شـۆڤـنی ملیـۆنـان کـەس کـبکـاتـەوە و شـەڕی وەڕانکـاری بـەرپـا بکـات . لـە چوارچـێوەی هـشیاری مـژووییدا ئارەزو پـێیوایـە مـژوو بـە تـەنها گـەڵانکـاری نییـە ، بـەڵکـو بـــریتیـە لـە "هـشتنـەوەی" ڕابـــردوو و کـەڵـکـبوونی مـعریفـە و ئـەزموونـەکان . ئارەزو لـە دۆڕکـەیدا لـسـەر چـەمکی مـژوو و پـشکـەوتن ئاماژە بـەوە دەکات کـە پـشکـەوتن کاتـێک بـەدی دێت کـە نـوێیـەک وەڵـامی کارەکانی نـەوەی پـشوو بداتـەوە، لـە گـەڵ زیاد کردنی ڕەگـەزە نوێیـەکان ، ڕەگـەز بـە کـەڵـکـبوونی ئـەزمـونی زانست و دەستکـەوتـەکان دەدات . لـەگـەڵ ئـەوەشدا ئارەزو هـشداری دەدات لـەوەی باوەڕی بـەوە هـەبـێت کـە پـشکـەوتـنی زانستی یان تـکنـۆڵـژی بـە مانـای پـەیـستی پـشکـەوتـنـی ئـەخلاقـی یـان سیاسـی دێـت ، وەک چـەن مرۆڤـایـەتی تاکو ئـێستا بـەهـەی ململانـێی ئایدیاڵـژی و سیاسیـیـەوە بـەرەوڕووی پاشکـشـو شکست دەبـتـەوە .

**پیسی و قەزاوەنی شۆڕشگێڕان و مەحاڵبوونی ئاشتی**

"هەڵبژاردن لە سیاسەتدا لە نەوان چاکە و خراپەدا نییە، بەڵکو لە نەوان باشتر و خراپتردایە" ئارەن خەنەگرکی توندی شۆڕشە و ژەمە تەتالیتاریەکان بوو کە بوونە هەی لەناوچوونی جیهان لە سەدەی بیستەمدا. لە کتێبەکەیدا بیرکردنەوە لە جەنگ ئارەن شیکاری بە سروشتی تەکنەرانەی شۆڕشگێڕان دەکات و تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە چەن ئایدەلۆژیا تونددەوەکانی وەکو نازیزم و ستالینیزم، هەیمەن دەروشمی تۆندوتیژ دەقەزنەوە بە پاساوهێنانەوە بە ململانێکان. هەروەها ئارەن ئەو بیرکەیەی کە دەڵێت شۆڕشگێڕان دەتوانن ببنە هەی چارەسەری یەکلاکەرەوە بە ململانێکان، مونا قەشەی کرد و ئاماژەی بۆدا کە زەرجار تۆندوتیژی و ڕق و کینەیەکی زیاتر دروست دەکەن نەک ئاشتی . سەبارەت بە ئاشتی ئارەن بە لەبەرچاوگرتنی کەبەکەی بەردەوامی نەوان سیستەمی سیاسی و ئایدەلۆژیاکان، گومانی هەبوو لە ئۆگەری بەدەستهێنانی ئاشتییەکی بەردەوام لە نەوان گەلاندا.لە کتێبەکەیدا باس لەوە دەکات زگاربوون لە وهەمکانی پشکەوتن لە ململانێی ئایدیەلۆژیەکان، وەک ئەوەی لە نەوان سەرمایەداری و سۆسیالیزمدا هەیە ئۆستەمە ئامانجی ئاشتی بە دەست بهێنرێت . بەڵام لە گەڵ ئەوشەدا ئارەن داوای بەهێزکردنی دامەزراوە نەودەوەتییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانی کرد وەک میکانیزمێک بە کەمکردنەوەی گرژییەکان و چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان سەرەای سنووردارکردنی کاریگەرییەکانیان. هەروەستی ئارەن سەبارەت بە سەربەخۆیی جەزائیر، کە پشتگیری لە ئاشتیخوازی دەکرد و بەخنەی لە کەلەنیالیزمی فەرەنسی گرت،هەنگدانەوەی ئەو باوەڕەیە کە تۆندوتیژی کەلەنیالیزم ناتوانێت ببنە هەی چارەسەری بەردەوام.ئەمە هەست دەکەین هەموو شتێک کە لە دەرەوەی خەمانچ وەک کەیلەیە، مەحکومین بە بەدەستهێنانی تەنها بەشێک لەوەی کە دەتوانین بین، مەحکومین کە تەواوی بوونی خەمان لە پیشەیەکی سنووردارداا بژین و هیچ هیوایەکی گەورەیمان نییە جگە لە قبوڵکردنی ئەم سنووردارکردنە.دەستەات لە سیستەمی نەوان دەوەتەکاندا ئەوەندەی بەندە بە ئیرادە، ئەوەندەش بەندە بە سەرچاوەکانەوە؛ ئۆگەر سەیری ئەوروپای ڕۆژئاوا بکەین وەک یەک یەکە ، سەرچاوەی هەیە نەک ئیرادە.

ئەنجام

"یەکسانی عەقیدەیی بەهودە بەدوای سنووردارکردنی سروشت و بایەلۆژی و کەمەایەتیدا دەگەت ، نەک یەکسانی بەڵکو ستەمکاری دەستبەر دەکات ."

ڕێمەند ئارەن نوێنەرایەتی مەدڵی بیرمەندکی پابەند دەکات کە شیکاری زانستی لەگەڵ ڕەخنەی فەلسەفی تەکەڵ دەکات. لە ڕوگەی

بەرهەمەکانییەوە لەسەر قۆناغەکانی بیری کۆمەڵایەتی ، ئاڕان دیدەکی گشتگیری پێشکەش کرد بە تێگەیشتن لە کۆمەڵگا پێشسازییەکان، کە تیایدا سەرنجی لەسەر ململانێ سیاسییەکان بوو وەک بزوێنەری سەرەکی مێژوو.هەروەها بەشداری کردووە لە هەوشاندنەوەی وەهمەکانی پێشکەوتن لە ڕۆگەی شیکارییەکانی بە هێشیاری مێژوویی، هەشداریدا لە مەترسییە ئایدیۆلۆژییەکان کە هەڕەشە لە مرۆڤایەتی دەکەن. سەبارەت بە شێوەکان ئاڕان "قۆزەوانی" ئەوانی ئاشکرا کرد، جەختی لەوە کردەوە کە کەبەکەی ئایدیۆلۆژی و سیاسی نەوان دەوڵەتان ئامانجی بە دیهێنانی ئاشتی قورس دەکات. بەڵام لە گەڵ ئەوشدا بانگەوازەکەی بە بەهێزکردنی دیالۆگ و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان هیوای پێ دەبەخشێت بە کەمکردنەوەی ململانێکان ، تەنانەت ئەگەر ئاشتییەکی ڕەهاش نەتوانرێت بهێنرێتە دی . میراتی ئاڕان لە توانای ووبەووبوونەوەی بیرۆکەی هەڵدایە، وەک کلاد لیڤی شتراوس ناوی لێنابوو "پاک و خاوێنی کولتووری"توانی لە نێارە فکریەکانی تێبگات پێش ئەوەی وەامیان بداتەوە ، هەر ئەوەش وایکرد دەنگەکەی عەقڵانی بێت لە سەردەمێکدا کە ئایدیۆلۆژی تووندڕەوی زاڵ بوو . بەڵام بە چی ێمان ئاڕان وێنەیەکی شاراوە بوو لە مەشهەدی سەلۆژی سەرباری ئەو بەشداریە ڕەخنە کارەگەرو گەورانەی کە پێشکەشی کردن ؟

سەرچاوە:
د . **زهير الخويلدي** – انفاس نت – ٤ – اكتوبر ٢٠٢٥

---

# حەمە سەعید زەنگنەی چیرۆکنووس و جیهانی فەنتازیا.. ستار ئەحمەد

نوقڵە چیرۆك
" سەفی"
ئەو شەوە بە هەڵی زانیی، کەسیان لە ماڵ نەبوون! مەزی ئازانەوە.. کەوتە خواردنەوە. ناگەهان لە یەکە لەقووتیە بیرکانەوە..

جنۆكێك دەرچوو و، دە هەمبەری دانیشت! تەزوویەك بە لەشیدا گەڕا.
كوتی:
"تۆ كێی؟"
جنۆكەكە وەڵامی دایەوە:
"ئارام بە و مەشەمزە و خۆت تێكمەدە.. منیش ئافریدەی خوام و. نەوم مەحموودە! هاتووم دا یارمەتیت بدەم و، لەم ژیانە چەرمەسەریی و كولەمەرگییەت ڕزگار كەم."
لەچاو تروكانێكدا لە ئاسمانەوە! مەدەك و سفرێكی لە هاتە خوارەوە، دەگەڵ یەك كەوتنە خواردنەوە. ڤەجا جگەرێكی چرووەدی پێ كردو كوتی:
"نورەدین چیت گەرەكە دا بۆتی وەكەم؟"

خاوەن ماڵ سەری سوڕما! چۆن نەوی دەزانێ! قیچە تر هەور بووەوە، كوتی:
"وەكو چی؟"
مەحموود كوتی:
"پـــــــــــارە، ژنی جـــــوان، دەسـەات."
نورەدین بیری دەكردەوە كامیان هەڵبژێری!
مەحموود كوتی:
"من دەكارم یەك شتت لێ بكەم. بەیە دوو بژارت دەخەمە بەردەست! دراو یان دەسـەات؟"
نورەدین لە دڵی خۆیدا كوتی:
"من گەر پارەم بۆت دەسـەات بە خۆی دۆت بابەم پارە" كوتی:
"پـــــــــارە! بەڵام چۆن دەمدەیتێ؟"
مەحموود كوتی:
"ئەمن بەخەم بەووبەری بانكی ڤەژنم! بانكی ڤەژنان شارزای؟!"
نورەدین سەرێكی بە لەقان.
"سبەی ئێژ بووەوە، گونیێ بەنەو وەرە.. تا لە دەلاری سەرێژكەم، ئەتەمبەڵت هەن!"

نورەدین كاوێكی دی سەرێكی لەقاند.
مەحموود چاوی لە دووە چاوی نابوون! نورەدین حەپەسا بوو!
مەحموود كوتی:
"بیر لە چی دەكەیتەوە بە قسان ناكەیت؟ ئەوتا منیش مرەیكم وەكی تۆ"
نورەدین بەیك زۆتر ئارامیی دایپۆشی! كوتی:
"ئاخر كە هاتم بەڵم چی؟"

مەحموود کوتی:
"بەژێ بە لای بەڕێوەبەر دەچم! منیش پاسەوانەکانم ئادەسپێرم پارێزگات لێ لێ گونیێکە کەن و، هەنگینە لێنێو ئوتومبیلەکەتی نێن."
نورەدین کوتی:
"زۆر سوپاس! لێ پیاوەتیت دەرناچم."
مەحموود کوتی:
"زۆر ئاسایی وەریگرێ!من ئەستێ بزردەبم! بیرت نەچێت، سبەی دوای دەمژمَێری نێ چاوەڕوانتم؟"
نورەدین کوتی:
"بە ئەوەی بەیانی بە جوانیی بتناسمەوە، ئاسایی سەڵفیێك پێکڤە بگرین"
مەحموود کوتی:
"بە خۆشحاڵییەوە."
هاتە تەنیشتی و دەستی دەسەر شانی دانا. سەڵفیێکەیان گرت و، مەحموود ون بوو.
ئەو شەوە هەر بیری لەوە دەکردەوە، کە گونیێ دۆلارەکەی هێنایەوە، لێ ماڵێ چێنی تاقەتکا!
سپێدێ لێ خۆ ئابوو! ئاوەکی بە خێیدا کردو، لێ خەشیاندا، قاوەتی نەکرد. سواری ئوتومبێلەکەی بوو، بەرەو بانکی ڤەژن تێی تەقان. هەشتان هەر بەڕێوە بوو خەیاڵ بردی.....
کە گەیشتە بەردەم بانکی ڤەژن. نەیانهەشت مەبایلەکەی بەرێتە ژوورەوە. کوتی:
"با تماشایەکی سەڵفیێکە بکەم!" تا بەجوانیی کاك مەحموود بناسمەوە!"
کە سەیری وێنەکەی کرد، سەڵفیێکەی لەگڵ پشیلەکەی ماڵ خەیان گرتوو.
پشیلەکە دەستی لە سەر شانیەتی.
.....
لێکدانەوەی چیرۆکی "سەڵفی"

1. **بابەتی سەرەکی و پەیام**
   چیرۆکەکە بە شێوەیەکی گاڵتەجارانە و خەیاڵاوی باس لە ئارەزووی مرۆڤ بە دەوەڵەمەندیێکی خێرا و بە ماندووبوون دەکات، و هەروەها باس لە ئاسان باوەڕی و گرنگیی جیاکردنەوەی خەیاڵ لە ڕاستی دەکات. پەیامی سەرەکی ئەوەیە

کە دەبێت هۆشیار بین لە ئارەزووکانمان و ئەو "دەرفەتانەی" لێناکاو دێنە پێشمان، چونکە زۆرجار ئەوەی بە چارەسەرکەی جادوویی وەسف دەکرێت، تەنیا وەهمەکە.

2. **کارەکتەرەکان**

نوردین (پاڵەوانی چیرۆک): کەسێکی ئاساییە و بە "ژیانی چەرمەسەریی و کوڵەمەرگیی" ناوزەد کراوە، کە بەدوای دڵربازبوون و دەوڵەمەندیدا دەگەڕێت. خواردنەوەی بیرە لە ماڵەوە بە تەنیا ئاماژەیە بە ناڕەحەتی و هەوەسدان بە بیرچوونەوە لە ڕابردەی سەرخۆشییەوە. نائارامییەکەی بەهۆی پرسیاری پارە یان دەستاتەوە دەردەکەوێت، و ئاسان باوەڕی و شەڕاویەکەی لە کۆتاییدا ئاشکرا دەبێت.

مەحموود (جنۆکە/پشیلە): نوێنەرایەتی هێزێکی ناڕاستەقینە دەکات کە وادەزانێت دەتوانێت ژیانی نوردین بگۆڕێت. ناونانی خۆی بە "ئافریدەی خوا" و "بەڕێوەبەری بانکی ڤێژن" دژایەتییەکی گاڵتەجارانەیە. لە ڕاستیدا، ئەو تەنیا وەهم و فێڵبازی نیشان دەدات. لە کۆتاییدا دەردەکەوێت کە ئەو جنۆکە ترسناک و پەدەستاتە تەنیا پشیلەی ماڵەوە بووە.

3. **ووداوەکان و گرێچن**

سەرەتا (هەڵی گونجاو): چیرۆکەکە بە دڕخی نالەباری نوردین و دەستپێکردنی بە خواردنەوە دەستپێدەکات، کە زەمینە بە ووداوە ناخۆشەکان دەخسێنێت.

گرێ کوێرە (چاوپێکەوتن): دەرچوونی جنۆکەکە لە قووتییەی بیرە و پەدانی بەڵێنی یارمەتی، گرێ کوێرەی چیرۆکەکەیە. لێرەدا دانوستانەکە لەسەر پارە یان دەستکەوتەکان ووددەدات، کە ئارەزووی نوردین بە پارە دەردەخات.

خولگەی چیرۆک (سیفی): داواکردنی سیفییەکە لەلایەن نوردینەوە خاڵکی وەرچەرخانی گرنگە. نوردین وا دەزانێت ئەمە بەڵگەیەکە بە ڕاستی قسەکانی مەحموود و یارمەتیدەرێتی بە ناسینەوەی.

کۆتایی (ئاشکرابوون): کاتێک نوردین دەگاتە بانکەکە، سێیری وێنە سیفییەکە دەکات و دەردەکەوێت کە لەگەڵ پشیلەکەی ماڵەوەی خۆیان وێنەی گرتووە. ئەمە گرێ کوێرەکە دەکاتەوە و سەرجەم ووداوەکانی پێشوو دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

4. **تەکنیکی "سیفی" و ڕێی**

ناونیشانی "سیفی" ڕێکی محوەر (تەوەرێیی) دەبینێت. سیفی شتێکی مەدەرنە و ئامرازێکی نوێیە بە "بڵاگ" و "ناساندنەوە". بەڵام لێرەدا، ئەم بڵاگە مەدەرنە دەبێتە هەی

دەزینەوەی هەڵەیەکی کارەکتەرەکە. سەفییەکە، لە جیاتی ئەوەی جنەکەیەکی ڕاستەقینە و بەهێزبکا بانکی بە مرۆڤ (نورەدین) بناسێنێت، تەنیا هەوونی دەکاتەوە کە هەموو ئەو شەوە تەنیا خەیاڵ بووە، یان لەژێر کاریگەریی سەرخۆشیەکەدا بووە، و مەحموودی جنەکە هیچ نییە جگە لە پشیلەیەکی ئاسایی.

5. **شەوازی گێڕانەوە**

چیرۆکەکە بە شێوەی گێڕانەوەی ڕاستەوخۆ و بە زمانی کوردیەکی پاراو و ڕەسەن نووسراوە. بەکارهێنانی وشەی وەک: "ڤەژن"، "کاوەکی دی"، "هەنگینە"، و "تەی تەقان" هەنگاوێکی فۆلکلۆری و ناوخۆیی بە چیرۆکەکە بەخشیوە، بەڵام تێکەڵکردنی لەگەڵ چەمکی مۆدێرنی "سەفی" دژایەتییەکی خۆشی دروست کردووە.

6. **دەرئەنجام**

چیرۆکی "سەفی" بە شەوازێکی زیرەکانە دەستکاریکردنی مۆتیڤی نورەدین دەخاتە ڕوو، کە لە ئەنجامی بیرخواردنەوەدا تێکەڵاوی خەیاڵ بووە و چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵ "جنەکەکە" ڕاستی نەبووە. سەفییەکە بووە بە ئاوێنەیەک کە ڕاستیی نەوان وەهم و واقیع نیشانی دەدات. لێرەدا، پشیلە/جنەکەکە تەنیا ئاماژەیەکە بە ئەوەی کە زەرجار چارەسەری ئاسان و دەوەمەندیی خەڕا تەنیا شتیکی پووپوچ و بە بنەمایە، و لە کۆتاییدا دەگەیەنێتە سەر ڕاستییە سادەکەی خەمان.

a

---

# ریالیزمی لە وێژەی منداڵاندا.. ڕەزا شوان

وێژەی منداڵان، بە پلەی یەکەم پشت بە خەیاڵ دەبەستێت. خەیاڵ وەک توخمێکی سەرەکی وێژە، زیاتر سەرنجی منداڵان ڕادەکێشێت و کاریگەرییەکی زیاتریشی لەسەریان هەیە. بۆیە ئاراستەی ریالیزمی لە وێژەی منداڵان، لە بەها و لە گرنگی خەیاڵ کەم ناکاتەوە، چونکە خەیاڵ مەرجی داهێنانە.

پەیوەستە نووسەری بابەتی ریالیزمی بە منداڵان، هاوسەنگییەک لەنێوان ریالیزم و خەیاڵدا بەدەستبهێنێت و بە باشترین شێوە سوودیان لێوەربگرێت.

وێژەی ریالیزمی رۆتینکی وێژەیە. گوزارشت لە راستییەکان دەکات، وێنای ئەزموون و رووداوەکانی ژیانی رۆژانەی مرۆڤەکان دەکات. وەک ئەوەی کە لە ژیانی راستیدا هەن. وێژەی ریالیزمی بەشێکە لە بزووتنەوەی هونەری ریالیزمی، کە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم لە فەرەنسادا سەری هەڵدا، دوایش لە هەموو جیهاندا بڵاوبووەوە.

هەڵکاری سەرهەڵدانی ریالیزمی، وەک کاردانەوەیەک بەرانبەر بە ڕۆمانسیزم و ئایدیالیزم، کە لە سەدەی هەژدەمدا دەستیان پێکرد. بە نموونە لە ڕۆمانسیزمدا، ئەفسانە و چیرۆکە ئەفسانەییەکان گرنگ بوون، لە کاتێکدا کە وێژەی ریالیزمیدا، جیهانی راستەقینە لەپێش هەموو شتێکەوەیە، هەوەدەدات کە کەمەگا و مرۆڤەکان وەک خۆیان، بە شێوەیەکی باوەڕپێکراو نیشان بدات. ریالیزم شێوازێکی نوێی نووسینە. نەوەیەکی نوێی نووسەرانی ناساند، کە کاریگەرییان لە وێژەدا هەیە. ریالیزم بریتییە لە هەوڵی گشتی بۆ وێناکردنی بابەتەکان، بە شێوەیەکی راستی لە فەرمی هونەریی جیاوازدا. ریالیزمی مەدێرن، لەو خاڵەوە دەست پێدەکات، کە مرۆڤ لە ڕەگەی هەستەکانییەوە، راستی دەدزێتەوە.

ڕەنگە سەرهەڵدانی ریالیزم لە وێژەی منداڵاندا، بە پلەی یەکەم، وەرچەرخان و شەشک بووبێت، لە دژی لافاوی چیرۆکە ئەفسانەییەکان و چیرۆکەکانی پاشا و شازادە و جنۆکە و شێوە و ئەژدیهای حەوت سەر و ئەسپی باڵدار و جادووگەران.
ریالیزم بانگەوازێک بوو، بۆ گۆڕینی ئەم چیرۆکانە، بۆ چیرۆکی خۆکی ئاسایی و چینە باوەکانی کۆمەڵگا. کە باس لە بابەتەکانی وەرگیراو لە ژیانی راستەقینەی ڕۆژانەی منداڵان و مرۆڤمنداڵان و گوندنشینان و لە رووداوەکانی ئێستا دەکەن.
ریالیزم لە بیرۆکەیەک یان لە رووداوێکەوە سەرچاوە دەگرێت، کە نووسەری داهێنەر ئەزموونی کردووە یان بە چاوی بینیوەتی. هەوەدەدات بە فەرمکی گۆڕانەوەی نوێ پێشکەشی بکات. هەندێک توخمی خەیاڵی تێدایە، بەڵام لە بنەڕەتدا لەسەر رووداوێکی

راستەقینەو دامەزراو.

ئەوەی کە کە زیاتر ڕووتی ریالیزمی لە وێژەی منداڵان بەهەزکرد. بووونی ڕەخنە بوو لە چیرۆک ئەفسانەیی‌کان و لە ئەفسانە فۆلکلۆرییەکان، کە لەسەر بنەمای ئەو باوەڕە بوو، کە بەشکی زۆری ئەم ژانرە وێژەیانە، بە ناوەڕۆک و بەها و ڕووداوکانیانەوە، ڕەنگە کاریگەریی نەرێنییان لەسەر دەروون و کەسایەتی منداڵان هەبێت.

لە سەرەتای وێژەی منداڵاندا، چیرۆکی فۆلکلۆری و میللی و ئەفسانە و داستانەکان کە پڕن، لە کاری لە توانابەدەری و سەرکەشی و جادوویی و نامۆیی، زاڵبوون بەسەر وێژەی منداڵاندا. دوایش حیکایەت و چیرۆکی جۆقنگی بە زمانی ئاژەڵان و باڵندەکان و ڕووەکەکان و شتە بێگیانەکان، کە وەکو چیرۆکی هەڵمایی و ئەندێشەیی و خەشنوودی دەرکەوتن. وردە وردەش چیرۆکی ریالیزمی کە بە ئینگلیزی (ریالیستس فیکشون)ە، بە منداڵان دەرکەوت و بڵاوبۆوە. کە بابەت و ڕووداو و کارەکتەرەکانی لە ڕاستی و لە ژیانی باوی ڕۆژانەیاندا وەردەگیرێن و منداڵان زیاتر باوەڕیان پێدەکەن.

چیرۆکی ریالیزمی منداڵان (چیرۆکی ڕووداوی ڕاستی) ئەو چیرۆکانەن، کە ڕووداو و بەسەرهاتەکانی منداڵان، دەبن بە ئیلهام بە چیروکنووسانی منداڵان. دەبنە هۆینی بابەتەکانی چیرۆکەکانیان. بیرۆکەکانی چیرۆکەکانیان لە ژیان و ژینگەی ڕاستی منداڵانەوە وەردەگرن. ئەو بابەتانە لەخەدەگرن، کە پەیوەندییان بە ژیانی منداڵانەوە هەیە، منداڵان لە ژیانی ڕۆژانەیاندا لەگەڵیاندا دەژین. چیرۆکنووسان تەنیا هەندێک ڕووداوی سادەیان بە زیاد دەکەن، لە فۆرمێکی وێژەیی هونەریدا دایان دەڕێژن.

ریالیزمی لەڕادا، ریالیزمییەکی فۆتۆگرافییە. نەک تەنیا ریالیزمی ڕووداوەکان. کە تێیدا نووسەر ڕواڵەتێک لە ڕواڵەتەکان لە سنووری توانا ئاساییەکانی منداڵان وێنەدەکات. یا لە ژینگەی منداڵانەوە ڕووداوەکان سەرچاوە دەگرن. دەشێش هەندە لە چیرۆکە ریالیزمییەکان بە منداڵان، زادەی ئەندێشە و بیرۆکەکانی چیرۆکنووسان بن و بە خەیاڵ چیرۆکە ریالیزمییەکانیان بە منداڵان داشتووبن، بە شێوەیەکی ئەوتە کە منداڵانی خوێنەر وا هەست دەکەن کە ڕووداوەکان و پاڵەوانەکان

و کارەکتەرەکانی چیرۆکەکان راستین. ئەمەش دەکەوێتە سەر توانا و لێهاتوویی و ئەزموون و داهێنانی چیرۆکنووسان. کەواتە ئەو ناگونجێت کە ئەندێشە و خەیاڵ لە چیرۆکە ڕیالیزمییەکاندا شوێنیان نەبێت. بەڵکو خەیاڵ هەوێنی هەموو بابەتە وێژەییەکانە.
بزووتنەوەی ڕیالیزم لە وێژەی منداڵاندا، لە ماوەی شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا، گەڵانکاریخواز بوو، بە ڕووبەووونەوە نەریتە باوەکان. نووسەرانی ڕیالیزمی بابەتەکانی منداڵان، زەمینەیان بۆ سەردەمێکی نوێی وێژەی منداڵان خۆش کرد. کە ڕەنگدانەوەی ئاڵوگۆڕەکانی جیهان بوون.
جگە لەوەش ناوەڕۆکی پەرتووکی منداڵان، سەبارەت بە ڕەگەز و فرە چەشنەیی و کەمایەتی، گەڵانکاری بەسەردا هاتووە.
ڕیالیزم بووەتە جگەی خواست و پێویست بۆ منداڵان. بۆ ئەوەی بزانن سەرکەوتن لە ژیاندا، پێویستی بە کۆشش و بە کەڵندان و بە ماندووبوون هەیە. لە ڕەگای پەری و فریشتە و جنۆکە و دێو و جادووگەر و سیمرخ و هاوشێوەکانی، ئەم شتە ئەفسانەییانەدا، نایەتەدی.
لەو فاکتەرانەی کە ڕەوتی ڕیالیزمی لە وێژەی منداڵاندا، بەهێز و شیرین کردووە، بریتییە لە فراوانبوونی پراکتیکی دیموکراسی لە ژیانی کەمەگا و گەلاندا. گەیشتن بە یەکسانی و بەشداریی زیاتر، بە هەموو چین و تووێژەکانی کەمەگا.
بابەتە ڕیالیزمییەکانی وێژەی منداڵان، تەنیا لە بابەتگەلێک نین، کە پەیوەندییان بە ژیانی ڕاستەقینەی مرۆڤ و کارەکتەرە مرۆڤییەکانەوە سنووردارین. بەڵکو هەندێک جار وا ڕوودەدات، کە نووسەری وێژەی ڕیالیزمی منداڵان، پەنا بە فەنتازیەکان و بە شێوازە هونەرییە ڕەمزاوییەکان بەرێت. وەک بەکارهێنانی: ئاژەڵ، باڵندە، دار و درەخت، یا شتی بێ گیان، وەک هەمایەک بۆ دەربڕینی مرۆڤ، وەک پرسکانی ژیانی ڕاستەقینەیان. خەیاڵ لە بەرهەمە وێژەییەکاندا، بە دەربڕینی بۆها جوراوجۆرە مرۆیی و کەمایەتییەکان بەکاردەهێنرێت.
چیرۆکی ڕیالیزمی، بە هەموو گروپە تەمەنییەکانی منداڵان گونجاوە. بە مەرجێک توانا و ئارەزووەکانیان لەم قۆناغەدا لەبەرچاوبگرن.
پێشتر لە (تەموزی/ ٢٠٢٣) دا، بابەتێکم بە ناونیشانی

(چیرۆکی ریالیزمی لە وێژەی منداڵان) دا، لە سایتەکاندا بڵاوکردەوە.

نۆرویج: ٢٠٢٥

---

# مێرات لە نێوان باشی و خراپیدا!.. نووسینی: رەهێن یاسین حەمەئەمین

مێرات واتا گواستنەوەی سامان، پارە، ماڵ، زەوی و مافە دارایییەکانی کەسی مردوو بە یاسا بۆ ئەو کەسانی کە مافی وەرگرتنی میراتیان هەیە، ئەم گواستنەوەیە لە سەر بنەمای یاساکانی نەودەوڵەتی و ناوخۆیی جێبەجێ دەکرێت و مێژوستی سەرەکی تێدا پاراستنی داد و یەکسانی و مافی ئێندامانی خێزانە.
مێرات یەکێکە لەو سیستەمە دادپەروەرانەیە کە دەبێت تیدا داهاتووی خێزان و ژیانی ئێندامانی و داهاتووی کەس و کاری مردوو پارێزراو بێت. بەڵام زۆر جار لەو وڵاتانەی کە تێیدا سیستەمی یاسایی بە شێوەیەکی تەواو جێبەجێ ناکرێت، نموونەی وڵاتانی جیهانی سێیەم کە کوردستانیش بە یەکێك لەو وڵاتانە پێلینکراوە، بابەتی میرات و دابەشکردنی میراتێ لەبری ئەوەی ببێتە باشە و هاوکاری بە کەسوکاری مردوو، بەپێچەوانەوە دەبێتە هۆی شەڕ و ناکۆکی لە نێوان ئێندامانی خێزانەکەدا.

هۆرەها لە کاتی دابەشکردنی مێراتدا فروفێڵ و گزی تێ دەکەوێت. ئەوەی دەبێت بە دادوەری و یەکسانی جێبەجێ بکرێت، دەگۆڕێت بە ستەم و نادادپەروەری، هەموو ئەمانەش بەهۆی نەبوونی سیستەم و چاودێری یاساییەوە رووددەن، کەشی میرات دەبێتە هوی تێکچوونی پەیوەندی نێوان خوشك و برا و مام و خاڵ و تەواوی ئێندامانی خێزان، بە هووی میراتەوە ململانی و فروفێل و خۆڕاتاندن و تانەت جاری واش هەیە لەو زیاتر دەڕوات و دەگات بە تاوان، خوێنڕشتن .
بە گشتی لە کاتی دابەشکردنی میراتدا دوو تۆژ بە زۆری ستەمیان بە ئاسانی لێدەکرێت ئەو دوو تۆژەش ژنان و منداڵانن، بە تایبەت ئەو

منداڵانەی کە بەدایك و باوکن.
بە پێی یاساکان، منداڵ تا نێگات بە تەمەنی ١٨ ساڵ بە شوێکی فەرمی خاوەندارێتی مڵرات ناکات، ئەمە وا دەکات پشکی منداڵ لە میرات بکەوێتە لای کەسانی گەورە نموونەی باپیر، داپیر، مام و خال و پوور.
کاتێك بەشە میراتی منداڵ دەکەوێتە بەر دەستی کەسانی گەورە لەبری ئەوەی پارێزگاری لە بکەن و بۆی هەڵگرن تا کاتی گەورەبوونی منداڵەکە، کەچی بەهۆی چاوتێبڕین و بەچاودێری یاسایییەوە، سامانی بەشە میراتی منداڵ دەخڕن یان دەفڕشن بە خەیان. لە کوردستانی عێراق سەدان نموونەی راستەقینە هەیە کە چەن مام یان خاڵ یان باپیرەکان ستەم لە منداڵانی بە دایك و باوك دەکەن و هەموو ڕێگایەك دەگرنەبەر بۆ ئەوەی بەشە میراتی منداڵەکان دەست بەسەردا بگرن و بە خەیان بیخۆن، زەر جار مام و خاڵەکان بەبیانووی ئەوەی چاودێری ئەو منداڵانە دەکەن بە مافی خەیانی دەزانن کە بەشە میرانی منداڵەکان بە خەیان ببەن، هەندەك جار لە ڕێگای فێڵ و خەڵەتاندنەوە دەست بەسەر بەشە میراتی منداڵاندا دەگرن، یان تەنانەت ئەگەر خەڵەتاندن بە سوود بێت پەنادەبەرێتە بەر هەڕەشە لە منداڵەکان و ناچاریان دەکەن کە دەست لەبەشە میراتی خەیان هەڵگرن ئەگەر نە ڕووبەڕووی لەدان و دەرکردن لە ماڵ و تەنانەت هەڕەشەی کوشتنیش دەبنەوە، لە دادگاکانی کوردستاندا سەدان دەسیەی لەم جۆرە کارانە هەیە، بە سەردانکردنکی پۆلیسی نەوجەوانانی کوردستان سەدان دەسیەی هەڕەشە و ڕاوودوونانی منداڵانی بە دایك و باووك دەبینیت.
بەراستی ئەم جۆرە لە ستەمەی کە لە منداڵان دەکرێت لە لایەن کەسە نزیکەکانیەوە بە هووی چاوتێبڕین لە بەشە میراتەکانیان نەك تەنها ستەمکی دارایییە، بەڵکو ستەمکی دەروونی و ئەخلاقییە، چونکە زەر جار منداڵەکان بەتایبەتی منداڵی گەورە هەست دەکات ستەمی لە دەکرێت بەڵام لەبەر بە دەستاتی هیچی پێناکرێت. تووشی دەیان گرفتی دەروونی دەبێت، بەهۆی نەبوونی سزای گونجاو و نەگەیشتن بە چاودێری فەرمی، ئەم جۆرە ستەمە بە ئاسایی تێپەڕ دەبێت.

چارەسەر و ڕێگاکانی پێشگرتن لەم دیاردەیە.

بە پێشگرتن لە خوادنی میراتی ئەوانی تر بەتایبەتی منداڵان، پێویستە هەموو کەسەك تا لە ژیانداماوە سامانی خۆی بە نووسرا و بە فەرمی دابەش بکات و لای پارێزەر و دەستەی یاسایی بە نووسراوو هەڵگیرێت. ئەمە دەبێتە هووی پاراستنی مافی ئەندامانی خێزان و بە


تایبەتتر مافی منداڵان و ئافرەتان.
هەروەها گرنگە حکومەت و دادگاکان بە ئەرکی خۆیان هەستن و یاسای پاراستنی مەرات بە شێوەیەکی کارا جێبەجێ بکەن. چاودێری فەرمی لە دابەشکردنی مەرات بکەن، ڕێگری بکرێت لە ستەم و فروفێڵ لە کاتی دابەشکردنی میراتدا بۆ تایبەت مافی ژنان و منداڵان پارێزراو بێت.

**نووسینی: ڕەهەن یاسین حەمەدئەمین**
19/10/2024

---

# کۆتا وانە: نیچەناسی و چەنیەتی گوتنەوەی نیچە.. کۆتایی بە د. ئازاد حەمە

وانەی پانزەهەمی زنجیرەکاری((پێویستمان بە فێربوونی نیچەیە))، کە بەهاوبەشی لەگەڵ (گەلاوێژ ئارام) سازدەکرێت، کۆتا وانەی خولە فەلسەفیەکەیە و ئەم دوو تەوەرەیش لەخۆدەگرێت:
1/ نیچەناسی /2 چەنیەتی گوتنەوەی نیچە
کات : پێنج شەممە 23/10/2025 ، 6 ی ئێوارە
شوێن: گەلاوێژی ئارام: عەقاری، دوو کۆڵان خوار ئەمنە سوورەکە.


گەڵەری ئازارام
وەرزەکانی فەلسەفە
پڕۆژەیەکی نوێی (گەڵەری ئارام) ٥
هەرجارەو خوێندنەوەییەك بۆ
فەیلەسوفێك دەکات
بە هاوبەشی لەگەڵ
د. ئازاد حەمە
پێویستمان بە
فێربوونی
(نیچە)یە
کۆتا وانە(وانەی پانزەهەم):
1/نیچەناسی .
2/چۆنیەتی گوتنەوەی نیچە.
پێنجشەمە
٢٣-١٠-٢٠٢٥
کات: ٦ نێوارە
ناونیشان: عەقاری دوو کۆڵان خوار نەمنە سورەکە